# ئێلەگ و کراسی ڕوون بۆ کراسی کوردی

بە هاوکاری کوردش فاشیۆن

ئەو هەنگاوانەی لە پێشوو و ئێستادا بۆ زیاتر جوانکردنی بەرهەمەکانی کراسی کوردی بەردەوامە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە ستایل و شێوەی جوانتر و ڕازاوەتر دەردەکەوێت، بەڵام گرنگە کە ستایلی کۆن و شێوازە سەرنجڕاکێشەکەی خۆی بمێنێتەوە و پارێزراو بێت. وەك دەزانین بەشەکانی کراسی کوردی زۆرن و هەریەکە بە مانای خۆی گوزارشت لە جوانی جلەکە دەکات و تەنانەت هەر بەشێکی تەواوکەری ئەوەی دیکەیە. ئەمەش وادەکات کە جوانیی کراسەکە بە گشت بەشەکان لە کۆتاییدا جوانییەکی ڕەها بێ و هەر جیاوازییەك لەگەڵ ڕێگاکانی دیکەدا جیاوازتر و جوانترە. پۆشینی ئێلەگ کە بەشێکی سەرەکییە لەگەڵ کراسی کوردی، دەبێتە ئەنجامی ڕێکخستن و توند کردنی کراسەکە، بەڵام لە پێشوودا ئێلەگ گەورە و شۆڕ بوو، کەچی لە مۆدەکانی ئێستادا کورت و بچووکە، سەرەڕای ئەوەی شێوەی تازە سەرنجڕاکێشتر و جوانترە، بەڵام شێوە کۆنەکەش کە گەورە بووە، ئەویش کاریگەری هەیە لەسەر جوانکردنی کراسدا. لە لایەکی دیکەی کراسی کوردیدا شتێکی گرنگتر هەیە، ئەویش جۆری ئەو قوماشەی بۆ کراسەکە دادەنرێت، زیاتر لە مۆدەکانی پێشوودا کراسی ڕوون، کە تەنکە و ژێرەوەی دیارە، مۆدەیەکی بەرچاو بوو، هەمان شێوە لە کراسەکانی ئێستادا بەدی دەکرێت و ئەو لایەنەش بوارێکی سەرکەوتووە بۆ هەڵبژاردنی کراسی ڕوون بۆ جلی کوردی.





## ڕەنگی وەنەوشەی

هەر لایەکی ماڵ دیکۆرێکی جیاوازە لەگەڵ بەشەکانی دیکەدا، بەمەش جوانی دیکۆر دەکەوێتە سەر شێوە و ڕەنگی کەرەستەکان، یان چۆنییەتی دانان و ڕێکخستنی کەرەستەکان، جوانیی دیکۆر لەو کاتەدا دەردەکەوێت کە دوای دانانی کەرەستەکان و گۆڕانکارییەکی بچووك بەسەر جێگە و ڕەنگی کەرەستەکاندا، دەبێتە ڕێگەیەکی سەرکەوتوو بۆ دیکۆری ماڵ،

## جانتای مامناوەن

لەگەڵ هەر بابەت و بەرهەمێکی تازە لە بواری جوانکاریدا، دەکرێ ڕێگای تازە بدۆزرێتەوە بۆ ئەو کەرەستە و بەرهەمانەی کە لە کاری تازەوە دیزانیان بۆ دەکرێت، چونکە گۆڕانکاری و لێهاتوویی لە بواری جوانکاری بەرەو سەرەوەیە و هەردەمیش لە کاری تازەیە، ئەو ئێکسسوارانەی زیاتر بەرچاون و دیمەنی خۆیان لە دەست نادەن، بە گوێرەی ئەو بەشەی کە لەگەڵیدا دەگونجێنرێت، بەمەش هەر ئەو ئێکسسوارەیە، لە بوارێکی تازە و کراوەدا ڕێگەی خۆی دەگرێت و هێمایەکی جوان بە خۆوە دەبینێت، جانتای دەست شێوەیەکی بەرچاو و دیمەنێکی جوانی هەیە، تەنانەت جگە لەوەی بەشێکی زۆری دەست جوان دەکات، بەڵام لەگەڵ









## ـــــــــی بۆ دیکۆری ماڵ

چونکە لە دانانی کەرەستەکان لە یەکەم هەنگاودا، کەم و کوڕی و جیاوازی لێ دەردەکەوێت، بۆیە دوای دانانی هەر دیکۆرێك، دەبێ گۆڕانکارییەکی بچووك بکرێت بەسەر دیکۆرەدا تاوەکو بەو ئەو ئەنجامە بگات کە مەبەستە. یەکێك لەو دیکۆرانەی کە پێویستی بە گۆرانکاری نییە و نابێ، ئەویش دانانی دیکۆر لە رەنگی وەنەوشەیی، کە دیکۆرێکی شیاو و گونجاوە،بە تایبەت بۆ ئەوانەی سەرەتای ژیانیان دەست پێدەکات کە پێویستیان بە ماڵ و دیکۆرێکە لە رەنگێکی کراوە و جوان بێ. دانانی رەنگی وەنەوشەیی، مانای ئەوە نییە سەرتاپای رەنگی کەرەستە و دیوارەکان لەو رەنگە بێت، لە رێگەی هەڵبژاردنی بەشێك لە کەرەستەکان لەو رەنگەدا، رێگەیەکی سەرەکییە بۆ جوان کردن و رازاوەکردنی دیکۆری ماڵ.

## ـــــــدی و ڕەنگاوڕەنگ

جلوبەرگیشدا یەکدەخرێت و بەمەش نمایشێکی ئەوتۆ دروست دەکات، کە جێگەی ئاماژە دانە بە جۆر و رەنگی جانتای دەست، لە بەرهەمەکانی ساڵی تازەدا و زیاتریش بۆ وەرزی زستان و بەهار، جانتای شێوە ناوەند هەڵبژێردراوە، وەك ئێکسسوارێك کە جێگەی شیاو و گونجاندن بێ، لەگەڵ دانانی رەنگیشدا بیر و ڕایەکی دیکە هەیە، ئەویش بە جۆراجۆری رەنگەکان، یان هەر جەنتایەك لە جۆرێك بێ، بەمەش گەورەترین جوانی دەبێت کاتێك لەگەڵ رەنگی جلوبەرگ یان ئێکسسوارەکانی دیکەدا یەکدەخرێت. جانتای شێوە ناوەند و جۆراجۆری لە رەنگەکان، مۆدەیەکی شیاوە بۆ ساڵی تازە.






## سەندڵ و پێڵاوی بێ پاژنە

جوانی و ناسکی پێڵاوی فلات یان بێ پاژنە، بۆتە مۆدەیەکی باو لە ماڵ و لە دەرەوەشدا، ئەمەش لە کاتێکدا سوودی ئەو پێڵاوە وەك جوانییەکەیەتی، شێوەی خنجیلانەی پێڵاو یان سەندڵی بێ پاژنە، جوانییەکی جیاوازی هەیە لەگەڵ کەرەستەکانی دیکەدا، هەروەها لەگەڵ هەر جۆرە کەرەستە و مۆدەیەکی دیکەشدا گونجاوە و رێك دەکەوێت. بە تایبەت کاتێك لەگەڵ جلی کورت وەك تەنوورە و ستریج لە پێ دەکرێت، زیاتریش دەبێتە مۆدەیەکی جوانتر کاتێك لەگەڵ پانتۆڵ و جینز (کابۆی) دەپۆشرێت. شێوازەکانی ئەو جۆرە پێڵاوە دیمەن و بەهایەکی ئەوتۆی هەیە، کە لە ماڵ و دەرەوەشدا دەکرێ لە پێ بکرێ، لەپاڵ جوانییەکەی، سوودێکی گەورەی هەیە بۆ بواری تەندروستی و یارمەتی رۆیشتن و جووڵەکردن دەدات، ئەمەش بەهۆی بچووکی و نەرمی ئەو جۆرە سەندڵەیە. جۆرەکانی پێڵاوی فلات لە دوو جۆری سەرەکی خۆی دەبینێتەوە، یەکەمیان بوونی رەنگێکی تۆخ و جوان وەك رەنگەکانی : سوور- زەرد —پەمەیی، کە لەگەڵ ئەو رەنگانەدا زیاتر گرنگی بە نەخش دەدرێت لەسەر ئەو پێڵاوانە، بە پێچەوانەش لەگەڵ رەنگە کاڵەکان وەك : رەش و سپی، زیاتر گرنگی بە قەیتان دەدرێت لەو ستایلە، ئەمەش بۆ یەکسان کردنی جوانی هەردوو لایەن و بۆ زیاتر جوانکردن و سەرنجڕاکێش کردنی شێوەی پێڵاوەکەیە.



## ماکیاژی چاو لە رەنگی شینی تۆخ

رەنگە هەندێك لە خانمان رەنگی شینی تۆخیان لەلا سەیر بێت بۆ دانانی ماکیاژی پشت چاو، کەچی رەنگێکی زۆر نایابە کاتێك ئەو رەنگە بۆ پشت چاو دادەنرێت، شێوازێکی جوان و رازاوەی دەبێت کاتێك رەنگی شین بە تۆخی لە پشت چاوەکان بێ، لەگەڵ رەنگی رەش، کە رەنگی دووەمی ماکیاژەکە دەبێت، دەتوانین رەنگی چاو زیاتر دیار بخەین و لەگەڵ ئەوەشدا دیمەنی ماکیاژەکە لە





دوور و نزیکدا بە ئاسانی دیار دەبێت، سەرەتا دەکرێ رەنگی سپی لە ژێر چاو بدرێت، دواتر رەنگی شینی تۆخ لەسەرەوەی چاو دەدرێت واتە پشتی چاو بە رەنگی شین تۆخ دەکرێت، پاشان بە رەنگی رەش، نێوان رەنگە سپی و شینەکە تێکەڵ دەکرێت، بەمەش رەنگێکی گەش و جوان دەردەخات، دواتریش رەنگی سپی ژێرەوە بە فڵچە تێکەڵ دەکەین و تاوەکو رەنگە شینەکە بە جوانی دیار بێت، لەو لایەنەشدا ماسکارا کردنێکی سادە زیاتر مۆدەکە جوانتر و رازاوەتر دەکات. بەم رێگەیە و بە هەنگاوەکان کە لە وێنەکاندا روون کراوەتەوە، دەتوانن هەمان ئەو جۆرە ماکیاژە شینە بەدەست بهێنن بۆ پشت چاوەکانتان.

# فیستیڤاڵی شەڕە شێلم




لە گوندێکی وڵاتی ئیسپانیا بە ناوی (بیورنال)، سەیرترین فیستیڤاڵی یاری کردن و کات بەسەر بردن هەیە، ئەویش ئەوەیە لە مانگی (٢)ی هەموو ساڵێکدا کەسێکی ئەو گوندە دەهێنن و پۆشاکێکی سەیری لەبەر دەکەن، ئەو کەسەی ئەو پۆشاکە لەبەر دەکات، دەبێت بەهێز و باش بێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەناو شەقام و شۆستەی ئەو گوندە تێپەر دەبێت و رۆژێك پێش فیستیفاڵەکە، سەلکی شێلم، کە بەهێزە و رەقە، ئەوەی بتوانێ ئەو کەسە بەلێدانی سەلکە شێلمێك بکەوێنێت، ئەوە خەڵاتێکی باش وەردەگرێت، ئەو کەسەی ئەو کارە دەکات، دوای ئەوەی دەکەوێ، کەسێکی دیکە شوێنی ئەو دەگرێتەوە.



# بەهرەی گەنجێکی پاقلاوە فرۆش!

ئەوانەی کاری خۆیان دەکەن لە جیهانێکی تایبەت بە خۆیان دەژین و رۆژانەش بەهرەی تازە لە کارەکانیان یان لە جۆر و شێوەی کارەکانیان دەکەن، یان هەندێك لە کارەکەیاندا فێرە شتی جوان دەبن، کە لەلای ئێمەش بەرهەمێکی جوان دەردەچێت و رەنگە لەلای خۆیەوە بە کارێکی سادە و ئاسایی بێت. وەك ئەو کوڕە کوردە کە کاری پاقڵاوە فرۆشتن دەکات و تەنانەت بە کیلۆمەتر دەڕوات و ئەو سینییە پاقڵاوەیەی لەسەر سەری داناوە و بەبێ گرتنی و پاقڵاوەکانیش ناکەوێت. (ئیهان) کوڕە گەنجێکی کوردستانە و تەمەنی (٢٦) ساڵە، نزیکەی (١٣) ساڵە کاری پاقڵاوە فرۆشتن دەکات، لەو کاتەی من بینیم لەسەر شەقامێکدا دەڕۆیشت و سینییەکی گەورەی پاقڵاوەی لەسەر سەر بوو، وەك خۆی پێگوتم : کە ئەو پاقڵاوەی سەری نزیکەی (٢٥) کیلۆگرام دەبێت و کە ماوەی (٢) کیلۆمەترە لەسەر سەری داناوە، هەروەها دەڵێت : کە لەگەڵ کارەکەی ڕاهاتووە لەوەی ئەو بارە گرانە لەسەر سەری بێ و بەرێگاشدا بڕوات، چونکە ئەگەر بە دەستەکانی پاقڵاوەکە بگرێ، دەستەکانی دێشی و بێزار دەبێ، بەڵام وادیارە مل و هێزی سەری ئەو کوڕە گەنجە باشە و کە دەتوانێت بۆ ماوەی (٢) کیلۆمەتر (٢٥) کیلۆ شتێك لەسەر سەری هەڵبگرێت.





# سینەمای هاوینە لە کەرکوک

سینەما لە کوردستان لە بارێکی نزمدایە و تەنانەت ئەوەندە گرنگی پێنادرێت، ئەگەرچی هۆڵەکانی سینەما هەن، بەڵام سەردانیان ناکرێن و بە چۆڵی دەمێننەوە، جگە لەوەی گرنگی بە سینەما نادرێ، هەروەها رۆشنبیری سینەما نەماوە، وەکو دەزانین لە پێشوودا سینەما هەبووە و خەڵك بە خۆیان و خێزانەوە سەردانیان کردووە، لە هەر یەکە لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و کەرکوك، ئەوەی سەیر بێت، لە کەرکوك لە ساڵانی شەستەکاندا، سینەما هەبووە، کە بە سینەمای شەوانە یان سینەمای هاوینە بەناوبانگ بووە، ئەمەش یەکێك بووە لە سینەمای کراوە یان بە سینەمای هاوینە ناسراوە، لە ساڵی (١٩٦٢) هەبووە، کە شوێنێکی کراوە و گەورە بووە، جێگەی خەڵکی بۆ کراوە و تەنانەت شاشەکەی لە پارچە قوماشێکی گەورە بووە و بە ئامێری سینەمایی کە بە تیشك لە قوماشەکەی داوە، وەکو دەگێڕنەوە و دەڵێن : لەوکاتە (٨) شوێنی نیشاندانی فیلم هەبووە، کە ئەوەش وەك لایەنێکی گرنگ بووە لە کەرکوك کە خەڵك بە خێزان و بە گشتی سەردانیان کردووە، کەچی ئێستا تەنیا چەند هۆڵێکی سینەما ماوە لە کەرکوك کە کەس سەردانی ناکات جگە لەوەی کە بۆنەیەکی تایبەت هەبێ و شوێنەکەی بۆ کارێکی دیکە بەکاربهێنن.

# خانووی بـ

کێشەی نیشتەجێ بوون لە کوردستانیشدا ماوە و پەنا بە خوا ساڵ لە دوای ساڵ، باشتر دەبێ و ئەوانەی خاوەن خانوو نین، لە رێگەیەکدا دەرفەتێکیان بۆ دەڕەخسێت و دەبن بە خاوەن خانووی خۆیان، وادیارە وڵاتی (چین)یش سەرەڕای ئەو پێشکەوتنەی هەیانە، ئەوانیش دووچاری کێشەی نیشتەجێ بوون دەبنەوە و بۆیە لە داهێنانێکی جوان و خنجیلانەدا، کوڕ و کچێکی ئەو وڵاتە کە ناویان (سیانگ و لیان)ە، خانوویەکی بچووك و جوانیان





## ئەشکەوتی کەرەفتوو

ڕەوەند بەختیار

ئەشـــکەوتی کەرەفتوو یەکێکە لە بەرهەمە مەزنەکانی تەلارسازی و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ســـەدەی ســـێیەمی زایینی. ئەم ئەشکەوتە مێژوویییە لە مەوداری ٧٥ کیلۆمەتری نێوان دووشاری سەقز و دیواندەرە هەڵکەوتـــووە. واتە بـــە نزیکەی بە یەك ئەندازە لە هەردوو شـــار دوورە. نزیکترین گوند لەم جێگە مێژوویییە دێی (میرسەعی)یە کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەشەکەوتەکەوەیە..

ئەم ئەشکەوتە سەرسوورهێنەرە جوان و مێژوویییە لە ناو دڵی زنارێکی بەرز لە ناوچەی سەقز هەڵکەوتووە و ئاواییەکانی مەحموو ئاوا لە باشوور، میر ســـەعید لە ڕۆژئاوا، عەلی ئاوا لە باکـــوور و یوزباش کەندی لە ڕۆژهەڵات ئەشکەوتی کەرەفتوویانگرتوەتە باوش.

کەرەفتوو بە یەکێك لە شوێنەوارە هەرە کۆن و خاوەن شارستانییەتی لە مێژینە ناو دەبرێت و لە هەموو وەرزەکانی ســـاڵدا گەشتیاران و هۆگران و لایەنگرانی ئاســـەوارە کۆنەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بۆ بینینی ئەم شوێنەوارە سەردانی ســـەقزدەکەن. کەرەفتوو ئەشکەوتێکی بەردین و سروشـــتییە و زانایان وای بـــۆ دەچن کە ڕەنگە لە دەورەی ســـێیەمی زەویناسیدا درووست بووبێت.

## (٢٩) ئاهەنگی هاوسەرگیری دەگێڕن!!

ئەوانـــەی حەز بـــە کاری جوان و ســـەیر دەکەن، کە بیرۆکەیەکـــی جوانە لە خۆیانەوە دەســـت پێدەکات و بە کارێکی ســـەیر کۆتایی پێدێ، دوو هاوڵاتی بەریتانی کە ئێستا لە باشـــووری کارۆلینای ئەمەریکی دەژین، ناویان (ئەلیکس و لیزا)یە، لەگەڵ ئەوەی پەیوەندیەکی خۆشەویســـتی نێوانیاندا هەیە، بۆیە تاوەکو ئێستا (٢٩) ئاهەنگی هاوســـەرگیریان ئەنجام داوە، واتە بەر لەوەی ببنە هاوســـەری یەکتر بـــە نیـــازی (٥٠) ئاهەنگی هاوســـەرگیرین و کـــە دایاننـــاوە لە ســـالی (٢٠١٤) ئاهەنگێکی گـــەورەی جەماوەری بکـــەن و ئاهەنگی یەکەمیشیان لە شاری مانجستەری بەریتانی بوو، دواتر لە کۆلۆمبیا و سلفادۆر و پیرۆ و هاوای ئاهەنگیان ساز کـــردووە، بۆ هەر جارێکیش بە جلی بووك و زاوا خۆیان ڕازاندۆتەوە و خەڵکیشیان داوەت کردووە. ئەوەی جێگەی ســـەیرە، گشت پارە و شتی خۆیان هەڵگرتووە و لەگەڵ خۆیان بردووە، بە نیازی ئەوەی تاوەکو ڕۆژی ئاهەنگی ڕاســـتەقینە، زۆرترین ئاهەنگی تایبەتی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن.






## باڵەخانەیەک لە شێوەی پلەی ستەیشن !

بالّەخانە ســـەیر و جوانەکان مایەی سەرسوڕمانن، کە بە چەندین شێوازی ئەندازیـــاری جـــوان و ســـەرنجڕاکێش دروست دەکرێن یان نەخشی بۆ دادەنێن، ئەمەش وادەکات لەو کاتەی باڵەخانەکان دروست دەکرێن و شـــێوەیەکی جوان و سەیر دەبەخشن، یەکێك لە باڵەخانەکانی ســـەر بـــە کۆمپانیـــای (sony) ژاپۆنی کە تایبەت بە دروســـت کردنی ئامێرەکانـــی یاری کـــردن، وەك پلەی ستەیشـــن (play station) کـــە ئامێرێکی خۆشە بۆ یاری کردن، بۆیە ئەوانیش باڵەخانەیەکیان لەسەر ئامێری جۆری پلەی ستەیشـــن (٣) درووست کردووە، کە شـــێوەی ئامێرەکە چۆنە، هەمان نەخشی ئەندازەیان بۆ باڵەخانەکە بەکارهێناوە، ئەم باڵەخانەیەش دەکەوێتە شاری (کونامی) لە وڵاتی ژاپۆن.




## چووک و گەڕۆک

دروســـتکردووە، کە خانوویەکی گەڕۆکە و دەتوانرێت لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکەی بگوازنەوە، لە هەر کوێیەك بە دڵیان بێت و حەزی پێبکەن، پایسکیلەکەیان دەوەستێنن و ماڵێکی جوان ئامادە دەکەن. ســـەیری ئەو دوو کوڕ و کچـــە ئەوەیە، کە باخچەیەکی بچووکیان دروســـت کردووە و ئەویش باخچەیەکی ڕاســـتەقینەیە و لەو کاتەی لە شـــوێنێك بچن بۆ شوێنێکی دیکە، باخچەکەش لەگەڵ خۆیان دەبەن.



## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩



باری تەندروستیت فەرامۆش مەکەو لەهیچ شتێکیش زیادەڕەوی مەکە، ئاگاداربە خێرا بڕیار نەدەیت ئەگینا تووشی هەڵەیەکی ترسناك دەبیت.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠




پاڵەپەستۆ و فشارەکان کاریگەریان لەسەر باری دەروونیت دەبێت، گۆڕانکارییەك لەژیانی خێزانیت ڕوودەدات یان پەیوەندییەکی تایبەتیت دەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



ئەمڕۆ کەسێکی بەئەزموون زیرەك ئامۆژگاری چاکت دەکات، ئەگەر بەگوێی بکەیت قازانج دەکەیت، چونکە ئەمە واقعی تۆیەو ڕاستییە.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



ئەمڕۆ بارودۆخ باش وگونجاوە بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیەی لەمێشکتدایە زیاتر تاوتوێی بکەیت، دەرفەتێکی باشیشت بۆ دێتە پێش بۆئەوەی ساتێکی باش لەگەڵ ئەڤیندارەکەت ببەیتە سەر.

## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢



ئەمڕۆ بۆتۆ ڕۆژێکی پرشنگدارە و باشە بۆ بەدیهێنانی ئاوات و حەزێکت، لەگەڵ ئەوەش ڕەنگە کاروباری خێزانی و کۆمەڵایەتیت کەمێك باری دەروونیت بشڵەژێنێت.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



ئەمڕۆ لەهیچ پرۆژەیەك دەستپێشخەر مەبە، ڕەنگە لەسەر ئارەزووی دۆستەکەت بەناچاری واز لەهەندێك ڕەفتارو نەریت بهێنیت.



# کەرەستە یان کێک !

کاری جوان بە چەندین بیرۆکەی سەیر و ڕێگەی جیاواز دێتە ئەنجام دان، ئەمەش وادەکات کە خەڵك سەرسوڕمان بکات لەوەی دوو بیرۆکە لە یەك کەرەستە یان لە یەك بابەتدا بدات. وەك ئەو چەند شێوەیە، کە هەر یەکە جۆرێکە و دروست کراوە، بەڵام ئەگەر بە وردی سەیری بکەیت و لێی نزیك بیتەوە، دەتوانیت بیخۆیت و نۆشی بکەیت، چونکە ئەو کەرەستانە (کێك)ە بەڵام لە شێوەی دیکەدا دروست کراون.





# یاری پیت ریزکردن


هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی یاریزانێکی کۆنی یانەی هەولێر بۆ دەربچێ .

ب ە ا ع ف ن ز س ا ڵ

وەڵامی ژمارەی پێشوو : حەمرین

# بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (شیواشۆك) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی سارد)
- پیتی خانەکانی (٤+٦+٧) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پیاو بە زمانی ئینگلیزی)
- پیتی خانەکانی (٤+٦+٣) کۆبکەیتەوە بە مانای (گیاندارێکی خشۆك و زەهراویە)
- پیتی خانەکانی (٤+٥)کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی نێر)

## پشیلەیەکی باڵدار!



وڵاتی چین بە وڵاتی دایکی سەیر و سەمەرە ناسراوە، هەر بۆیە هەرچی شتی سەیرە لەو وڵاتە دەردەکەوێت، ئەگەرچی لە ڕێژەی ژمارەی دانیشتوان زیاترن لە ملیارێك کەس، بەڵام وادیارە گیاندارەکانی ئەو وڵاتەش بە بوارێکی سەیر دەردەکەون، وەك ئەو پشیلەیە کە دوو باڵی جوانی هەیە لەسەر پشتی، کە لە شاری (هیوانگ)ی چینی لەو کاتەی لە دایك بووە بەم شێوەیە بووە، بەڵام ناتوانێ بفڕیت، تەنیا دەتوانێت باڵەکانی بجووڵێنێتەوە.

## وێنە و بیر کردنەوە



- لەم وێنەیەدا کۆمەڵێك قوتابی لە ڕۆژی ئاهەنگی دەرچوونن، کە هەر یەکە لە شوێنی خۆی دانیشتووە و ئەوەی سەیرە، یەکێك لە قوتابییەکان بەشێکی جەستەی دیارە، هەولبدە بیدۆزەرەوە، کە تەنیا ئەو لە ناویان و دەبینرێت.

## پەندی ناوداران

- ئۆریانا فالاجی دەڵێت:


**دەگونجێ مرۆڤ بیست ساڵ لەگەڵ کەسێك بژی و ئەو کەسە هەر غەریبە بێت بۆی، دەشگونجێت بیست دەقە لەگەڵ کەسێك بێت و تا کۆتایی تەمەنی نەتوانێ فەرامۆشی بکات.**



## دیوانە شیعر

**بەهارحسێنی:**

**تۆ شەقامێکی دوور و درێژی**
**بۆ دوان لە عەشق**
**ئەتبارێنێ بیرت**
**چەتر تەڕم دەکا**
**باران ...**
**ئەمدووری بە کراسەکەت**
**لە بەرمدا و**
**ئەمخافڵێنێ بە خەیاڵێکی خەیاڵاوی.**



## نوکتە



- لە یەکێك دەپرسن، «کۆنترین گیاندار چییە لە سەر ڕووی زەوی؟»
ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ:
«زێبرا.»
پێی دەڵێن:
«بەچیدا دەزانیت؟»
ئەویش دەڵێ:
«چونکە ڕەشوسپییە.

### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ڕەنگە ئەمڕۆش تووڕەیی و هەڵچوونت پێوە دیار بێت، بۆیە هەوڵبدە بەنەرمی و ئارامی هەڵسوکەوت بکەیت، کێشەو گرفتەکانیشت ئەوەندە گەورە مەکە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەمڕۆ بۆتۆ ڕۆژێکی ئارام و خۆش دەبێت و دڵنیاییت پێ دەبەخشێت، لەوانەیە هەواڵێکی دڵخۆشکەریش ببیستیت سەبارەت بە پرۆژەکەت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەمڕۆ لەبەرپرسیارییەتی و ئەرکەکانت رامەکە، خۆشت ئامادە بکە بۆ ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو پێشبینی نەکراو، بۆیە کارەکانت بێ بەرنامە جێبەجێ مەکە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەمڕۆ تاکرەوانە بە خێرا بڕیار مەدە، بەڵکو بە راوێژکردن و تاوتوێکردنی بابەتەکان ئینجا بڕیار بدە، هەوڵبدە بەزۆریش بێت بزە نەخەیت سەرلێوانت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ڕەنگەئەمڕۆ هەڵچوونێکی لە ڕادەبەدەر بەسەرتا زاڵ بێت، ئەمەش لە ئەنجامی هەندێك گۆڕانکاری کە لە بواری کاردا ڕووبەڕووت دەبێتەوە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەمڕۆ یەکێك دەناسیت و هاوکاریت دەکات لە کارێك و هاوڕێکانیشت ڕۆڵێکی باشیان دەبێت لەکۆتایی هێنان بە گرفتەکانت، باشترە ئەمڕۆ هیچ گەشتێك نەکەیت.